# ئەگەر مەیلی پیادەکردنەوەی سیاسەتەکانی بەعس دەکەن, زیندانەکانیشتان بۆ ئازادیخوازانی کورد مەحکەمترو فراوانتر بکەن.

## نامەیەکی کراوە بۆ وەزیری ناوخۆی حکومەتی هەرێمی کوردستان/ هەولێر

**عومەرمحەمەد**

لەکاتێکدا وەزارەتەکەتان بەبڕیاری (433)ی ڕژێمی بەعس هەردوو ڕۆژنامەنوس( ***ئاکۆمحمد گەردیوموسا ئەحمەد***) دەستگیردەکەن, کەهێشتا گرووپە تیرۆرستیەکەی شێخ زانای تاوانبارجگە لە زیندانکردنیان هیچ ئیجرائاتێکی ئەووتۆ دەربارەیان, بەخەڵکی کوردستان ڕانەگەیەنراوە!! گرتنی ڕۆژنامەنوسان بەهیچ شێوەیەك لەگەڵ بنەماکانی دیموکراسیودەستکەوتەکانی ڕاپەڕینی خەڵکی کوردستان, وێك نایەتەوەو بە پێچەوانەوە, درێژەی هەمان یاسا سەرکوتگەرونالۆژیکییەکانی ڕژێمی بەعسە لەکوردستان پیادەی دەکەن, ئەمەش وەك نابێتە مایەی ڕەزامەندی خەڵکی کوردستان, ڕاگرتنی ئاسایشی هەرێمی کوردستانیشی لێناکەوێتەوە, هەروەها ڕەخنەگرتن لە ئێوەوهەربەرپرسێکی تریش مایەی سوکایەتی پێکردنتان نیەوە ك بەرێزتانوزۆربەی هەرەزۆری دەسەڵاتدارانی کوردستان لێکی دەدەنەوە, بەڵکو بە پێچەوانەوە لێکدانەوەوکاردانەوەی خراپی ئێوە لەرووی سیاسیەوە ڕوی دیموکراتی دەسەڵاتداریتی کورد ناشرین دەکات, هەقوابوو ئێوە لەوەندە گەیشتبن, کە دەمکووتکردنی ڕۆژنامەنووسان, جا بە هەربیانوویەکەوەبێت, خۆدزینەوەیە لەحەقیقەت چونکە خەڵك ئەگەر دەمیشی ببەسترێ چاوی دەبینێ, لەهیچ سیستمێکی دیموکراسیدا جگە لە مرۆڤی کۆنەپارێز, کەسێك نادۆزیتەوە پەنجەی بەڵی بۆوەها هەڵوێستێکی نادیموکراتیوبیرۆکراسی ڕاکێشێ, ئێمە ئەگەر دیموکراسیش نەبین خۆ بەنیازین بەرەو دیموکراسیەت پێهەڵگرینو لە وەها دنیایەکی شەفافوکراوەدا مەودای جموجۆڵی تیرۆرستان کەم بکەینەوە, ئەگەرنا تۆتالیتاریەتی دەسەڵات زیاتر خەڵکی بەرەو چەواشەبوون پاڵپێوە دەنێو زیاتر زەمینەی تیرۆریزم دەرەخسێنێ, کەواتە شوناسی دیموکراسیەتی کوردچۆن خۆی نمایشەکات, کەهێشتا مەیلی دووبارەکردنەوەی سیاسەتەکانی بەعس بکات؟ دیارە هەر دەسەڵاتێکیش وەها مەیلێکی تۆتالیتارانەی هەبێت, بێ دوودڵی دەبێت چاوەڕوانی هەمان چارەنووسی بەعسیش بێت. ماوەتوە بڵێم ئەگەر لەسەرهەمان هەڵوێستی خۆتان سوورن لەمەڕ پێشێلکردنی دەربرینی ئازادی بیروڕا, دەبێت دەرگای دامودەزگا مەدەنیەکانتان داخەنوبیرلە نەخشەی زیندانێکی گەورەترومەحکەمتر بکەنەوە بۆ بەندکردنی ئازادیخوازانی کوردستان, چونکە لەو باوەڕەدانیم مرۆڤی ئازدیخوازوڕۆژنامەنوسانی ئازاد بتوانن بەو ئاسانیە دەمی خۆیان بگرن. بۆیە لەنێوان ملکەچیومردن لەپێناوی ئازادیدا دووەمیان هەڵدەبژێرنو سڵ لەزیندانی ئێوەش ناکەنەوە.